# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

### حاجی قادری پەڕەکار و مام عەلی سەمەنێ

سەرەتا پرسیم و گوتم: حاجی قادر، ئێوە کاتی خۆی ئەم گۆرانییانەتان، لە چ شوێن و بۆنەیەکدا دەگوت؟ گوتی: من بەش بەحاڵی خۆم ئەو گۆرانییانەم وەرگرتووە، (سمایلە خڕە) هەبوو خزممان بوو، بەستەکانم لەو وەرگرتووە (مەبەستی لەوەوە، فێریان بووە) کەسێکی دی بە ناوی (حاجی محەمەدی عەلەی) ئوستادمان بوو، دیسان کاک (سەید ئەحمەد) بابی شێخ جەمالی، هەم شاعیر بوو هەم: (ئسووڵ، مەقام، نزم) زانیش بوو، شارەزایی ئەو شتانەمان لەو زاتانە وەردەگرت، بەشەوق و زەوقەوە دادەنیشتین و ڕامان دەبوارد، لەو مەجلیسانەدا حەکایەت و بەیت دەگێڕدرایەوە، کتێب دەخوێنرایەوە، مەقام دەگوترا، کاتێکمان دەزانی مەلابانگ دانە! لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەماندا، گوتی: ئەو زاتانەی کاتی خۆی ئەو مەقام و گۆتنانەیان لێ فێردەبووین، خەڵکی کۆیە بوون، (ئەحەی ناسر)م نەدیوە، بەڵام لە کۆیە (ڕەفیقی چارچاوی) هەبوو لە دنیاییێدا زۆرم ناوی دەنگخۆش و مەقام و غەزەل خوێنان بیستووە و گوێ بیستیان بوومە، بەڵام کەم کەسی وەک (میرزا ڕەفیق)م دیوە، جگە لەوەی لاوچاک بوو، دەنگیشی لە ڕادەبەدەر خۆش بوو. وەستا (غەفوور)ێکیش هەبوو دیسان دەنگی زۆرخۆش بوو. جارێکیان (مەلائەسعەد)و (سمایلەخڕە) لە مەجلیسێک لای (شێخ کەریم)دادەنیشن خەڵکێکی زۆریش ئامادەدەبن «عەجەم ئۆغلی» (*) دەست پێ دەکا و (غەزەل)ێک دەخوێنێتەوە، بەڵام چۆن دەسپێکردنێک؟ چەهچەهەی دەنگی لە هەموو شاری کۆیەدا دەنگ دەداتەوە، کاتێک تەواو دەبێ ئامادەبووان داوا لە (مەلا ئەسعەد) دەکەن، تا ئەویش (غەزەل)ێکیان بۆ



حاجی قادری پەڕەکار

بخوێنێتەوە، کەچی مەلا ئەسعەد لە وەڵامدا دەڵێ: ناتوانم! بەڵام سمایلە خڕە غەزەلێک دەخوێنێتەوە، ئینجا عەجەم ئۆغلی ڕوو دەکاتە مەلا ئەسعەد و دەڵێ: ئەتۆ گۆیندە نیت! سمایلە خڕە بە ڕادەی خۆی شتێکی گۆت بەڵام تۆ نەت توانی بیڵێیت! جارێکی دی (ڕەفیقی چارچاوی) لە ناو دۆڵابێ دەنێن و دەیشارنەوە! (ئەحەی ناسر)یش بۆ ئەو مەجلیسە داوەت دەکەن، ئەحە مەقامێک دەخوێنێت، لە ناکاو ڕەفیق لە ناو دۆڵابێ دێتە دەرێ و لە سەر چۆک بۆی دادەنیشێت و دەست دەخاتە بنا گوێی و هەمان مەقامەکەی پێش تۆزێک (ئەحەی ناسر) خوێندبووی لەو چاکتر دەیخوێنێت! ئەحەی ناسر کە دیارە بەم کارە نارەحەت بووە، دەڵێت: ئای کۆیینە.. چەندین شار گەڕام تا دواجار ئەو چەند مەقامە فێربووم، ئێوە بە پارووە (پڵاوەکی) لێتان دەرهێنام، وەڵڵاهی جارەکی دی گوێتان لە دەنگم نابێت. حاجی قادر و (وەستا باقی سەرتاش) کە ئەو شەوە لەو دانیشتنەماندا ئامادەبوو، بۆیان باس کردم و گوتیان) :شەهابەی هەولێری) لێرە لە (سەر تەمتەمان)ەوە، مەقامی دەگۆت لە (قۆنگرێ) گوێیان لێ دەبوو! لێرەدا باقی سەرتاش (ئەمان ئەمان)ەکی گۆت، دوای مەقامەکەش بە هەمان هۆنراوەوە کردی بە بەستەی: (چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ).

**مەقام و گۆرانی: (چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ)**

هۆنراوە: ؟
ئاواز: کۆن

**چوومە خزمەت یارەکەم دوێنێ**
**گوتم: شەرعم هەیە ئیمڕۆ**
**گوتی: ڕاستە یانە درۆ**
**گوتم: وەڵڵا گوتی: هەیڕۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: دەردی دڵم زۆرە**
**گوتی: ئاشق دەبێ وابێ**
**گوتم: ماشووقە چی قوربان**
**بە غەمزە و ناز گوتی: هەیڕۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: تایێ لە زولفی خۆت**
**گوتی : چیت بۆ ئەکا جانا**
**گوتم: بۆ زەخمی دڵ چاکە**
**گوتی: بگرە ئەوەش بۆ تۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: ڕووت سوور مەیی ساغە**
**گوتی: وسکت بە یاساغە**
**گوتم: سینە گوتی : باخە**
**گوتم: مەمکت گوتی: لیمۆ**
**ئەمان ئەمان**

**گوتم: خۆ ئاگرە ڕووی تۆ**
**گوتی: هەی دێ دەسا بە تۆ**
**گوتم: بۆچ قەلبت سووتاندم؟**
**گوتی: کوانێ دێتن بۆ سۆ؟**
**ئەمان ئەمان**

**لە قاپییەکەی تۆ لاناچێ**
**هەوایێ بۆ ئەرێ ناچێ**





مام عەلی سەمەنێ

**گوتی: مەترە گوتم: ماچێ**
**گوتی: لەو قەندە تۆ مەیخۆ**
**ئەمان ئەمان**

پرسیم و گوتم: جگە لەو کەسانەی ناوتان بردن ئەو سەردەمە کێی دی هەبوو، لێرە لە کۆیە گۆتنێ بڵێت؟ (مام عەلی سەمەنێ گوتی): (سۆفی عەلی برای سمایلە خڕەی) و (وەستا غەفوور) و (ئەمینی سەمەنێ). گوتم: ئەو هۆنراوانەی ئەو کاتە ئەم گۆرانییانەی پێ دەگوترا، هی چ کەسێک بوون؟ گوتیان: هەر هەمووی هی (ئەمین ئاغای ئەختەر)ن! گوتم: حاجی قادر (حەنیلە خڕە)ت دیوە؟ گوتی: گوێم لە گوتنیشی بووە، گۆرانی (کەپر) و (کراسی شەنگ مێرەم) و (نیوەشەو) و گۆتنەکانی دیکەی (سێوە)ی دەگۆتن، سێوە شاگردی ئەو حەنیلە خڕەیە بووە، لێرە مام عەلی سەمەنێ، دەستی بە گوتنی مەقامی (نیوەشەو) کرد. بۆ گۆرانی (جەبارە و جەبارە) گوتیان: ئی (باپیرە کەڕ)ە!

**گۆرانی (جەبارە و جەبارە)**

تێکستی ئەم گۆرانییەم لە کتێبی (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا) نووسینی مامۆستا (کەریم شارەزا) وەرگرتووە، لە لاپەڕە (٥٠)ی ئەو کتێبەدا دەربارەی ئەم گۆرانییەوە نووسراوە: (ئەم گۆرانییەش مەقامی شایی (ڕۆیینە)یە، سێوەی هونەرمەند لە نەورۆز و سەیرانی بەهارانی کۆیە، شایی دۆست و یارانی پێ دەگێڕا) لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا هاتووە: (دەقی ئەم مەقامە لە ڕۆژی (١٩٧٩/٢/٤)دا لە کاک (شەعیەی مام مەڕبێن)م وەرگرتووە بە ئاوازەوە لە کۆیە تۆمارم کردووە.)

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارە و جەبارە**
**جەبارە و جەبارە**
**هەرچی ساحێب یارە**
**لە چاوان ڕا دیارە**

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارەی نەورۆزی**
**چەندە قیت و قۆزی**
**لە چاوان ئارۆزی**

**جەبارە و جەبارە**
**جەبارەی نەدیە**
**نەکرێم قیمە قیمە**
**بێ مەمکان ناژیە**

**خوایە قەت واناکەی**
**باغان بەرهەڵاکەی**
**پیران لە گری ڕاکەی**
**جوانان پێکدی شاکەی**

مام عەلی گوتی: من منداڵ بووم (سۆفی عەلی و ئەمینی سەمەنێ (واتە کاکم) و (عەبدەی ئاوڕەحمان ئاغای) ئەو شێوەگوتنە تایبەتییانەی کۆیەی وەک:





باقی سەرتاش

ئەوەیان کە بە ناوی (شەمار)ە و ئەوی تریشیان کە بە ناوی (کەللەی سەر)ەیان دەگۆت. لە تاوانا خۆت پێ نە دەگیراو وەخت دەبووشێت ببیت. لێرانەدا (مام عەلی سەمەنێ) شتێکی لەو شتە تایبەتمەندانەی کۆیەی گۆت زۆر بەتام بوو، حاجی قادریش غەزەلێکی ئایینی خوێندەوە و مەقامی (سەبا)شی بەدوادا خوێند (ئەو شەوە بۆم دەرکەوت کە حاجی قادر شارەزای هەندێ لە مەقامەکانیش بوو)، پرسیم: شایی چۆن دەکرا؟ حاجی قادر گوتی: جاران ئەگەر کەسێک ڕایەخی ژێرخۆی بفرۆشتایە دەبوایە شایی ڕەشبەڵەک لە حەوشێکی گەورەدا بگێڕێت! پرسیم: شاییەکان چی بوون؟ گوتی: (سێ پێ یی، چەپەیی، ئایشۆکێ، سووسکەیی، گوڵ شێنی، شێخانی) و جوولەکەکانی کۆیەش شایی تایبەتی خۆیانیان هەبوو، هەر بە کوردیش گۆرانییان بۆ شایی خۆیان دەگۆت (حەمەد بەگی ئەسعەدە سووری) نەوەی وان بوو، (ساسۆنە) جوو هەبوو، کوڕی (مام ڕەحمینی) ئارەقی خواردەوە و بەندەکی (شەمار) هەستا، وەک کەو خوێندی ئەمن ئەو شەوە پێم نەدەگۆترا، کاتێک ئەو پەکی کەوت ئەوجا ئەمن دەستم پێکرد! پرسیم زۆرتر لە چ شوێنێک گۆرانیتان گوتووە؟ مام عەلی گوتی: نە ئەمن نە حاجی قادر، لە (مەولوودان) بترازێت نەمان گۆتییە! لە مام عەلیم پرسی: زەمانی گەنجیت، لە کۆیە گۆرانی بۆ چ مەبەستێک دەگوترا؟ گوتی: بۆ نموونە (مام حەویز) بابی مامۆستا (عەلی)یە گۆچ، گۆرانی دروونەی دەگۆت. بۆ مێژوو دەیڵێم من – وریا ئەحمەد – سەردەمی منداڵی خۆم ئەو مام حەوێزەم دیتووە، لە ماڵی خۆمان کە ماڵی (بابە گەورە)مان پێ دەگۆت، لە پاییزاندا (مام حەوێز) بە خۆی و کوتکەکەیەوە دەهات، ساواری ساڵانەی ئەو خێزانە گەورەیەی، بۆمان دەکوتایەوە و لەگەڵێدا بە دەنگێکی خۆش گۆرانی دەگۆت، یەکێک لەو گۆرانییانەی تا ئەمڕۆش چ وەک ئاواز بێت یا هۆنراوە، بیرم ماوە ئەمەیە کە دەڵێت:

**گۆرانی (ساوار کوتانەوە)**

**گەنمی پارە و بۆ ئەو سارە**

**یاڵلادەی بیکوتە دەی .....تاد**

گوتم: مام عەلی ئەدی سەمەنی؟ گوتی: سەمەنی دەکراو شایی (ڕۆیین)ی بۆ دەکرا، سەمەنی لە سلێمانی زۆرتر بەربڵاوبووە، تا لە کۆیە (ئەمەیان قسەی (قەدری خانی) هاوسەری (غازی ئامۆزام) بوو، دیارە ئێمە وەک زووتر باسم کرد لە ماڵی ئەواندا بۆ ئەم مەبەستە میوانداری کرابووین. گوتم: مام عەلی ئەدی دروونە؟ گوتی: دروونە هەبوو بە (نەزم ـ ئاواز)ەوە دەگوترا و دەکرا و ئەوانی دی بۆیان دەگێڕایەوە، ئەو سەپانەی گازی لێ دەدا، ئەمەیان دەیگوت و ئەو سێ چوار سەپانەی دی، گوتنەکەیان بۆ دووبارە دەکردەوە، مەبەستم لەوسەری بە گۆتن دەگەڕانەوە. مام عەلی گوتی: باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) و (کاک عومەر عەبدوڵڵا)ش گۆتنی چاکیان دەگوت، گوتم: ئەی ئەوان بە ڕای تۆ لە کوێوە فێری ئەو گوتنانە ببوون؟ حاجی قادر گوتی: ئەوان مەجلیسی تایبەتی خۆیان هەبوو، من بەش بەحاڵی خۆم لە مەجلیسی ئەوان دانەنیشتووم. مام عەلی گوتی: میوانداررییەک لە ڕەزی (مام عەلی) لە کۆیە کرا، لەبەر ئەوەی میوانەکان زۆر بوون، لە ڕەزی ئێمەدا جێگەیان نەدەبووەوە، پێم گوتن: با بچینە ڕەزی مام عەلی، لەوێ





**شەعیەی مام مەڕێن**

لەبیرمە باوکت و کاک عومەر بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕێک گۆرانییان دەگۆت، لێرە (باقی سەرتاش)یش هاتە قسە و گوتی: باوکت و کاک عومەر بە شێوەیەکی زۆر جوان و هەم بە ئسوولّ و وەستایانە گۆرانییان دەگوت، هەروەها شێخ ئەنوەریش. مام عەلی گوتی: شێخ جەمال و ئەنوەری برای جاریّ ئێمە دەستمان پیّ نەکردبوو، ئەوان زۆر جوان و بە ئسوولّ مەقامیان دەگوت، حاجی قادر هاتە قسە و گوتی: شێخ جەمال نا! شێخ جەمال دەنگی نەبوو، ڕاستە شێخ ئەنوەر لە مەقامەکاندا ئسوولّ زان بوو، بەلاّم ئەویش دەنگی خۆش نەبوو. لێرەدا باقی سەرتاش باسی (شەهابەی هەولێری) کرد و گوتی: دەنگ نەبووە وەک دەنگی شەهابە کە لە ماوەی زۆر دوورەوە ببیستریّ! حاجی قادر گوتی: سەردەمی گەنجیم لەم (سەرتەمتەمان)ەدا، گۆرانی و مەقامم گۆتییە لە دیوەخانی (جەمیل ئاغای) مانای شیعرەکانیان لێک داوەتەوە.

* عەجەم ئۆغلی: هەرچەندە ئەو نازناوی (عەجەم)ەی دراوەتە پالّ ناوەکەیەوە، بەلاّم بە ڕەگەز کوردی ڕۆژهەلاّت بووە و بە کوردیش گوتوویەتی.

ئەم چاوپێکەوتنەی سەرەوە لە شاری کۆیە شەوی (٢)ی کانوونی دووەمی سالّی (١٩٨٠) لە گەڕەکی (سەرتەمتەمان) لە مالّی مامۆستا (غازی) ئامۆزام ئەنجام دراوە کە بە سوپاسەوە بۆ ماوەی چەند شەوێک، خۆی و مامۆستا (قەدری خان)ی هاوسەری میوانداری ئێمە و میوانەکانمانیان گرتە ئەستۆی خۆیان، (شایانی باسە ئەو کاتە من دانیشتووی هەولێر بووم).